www.kurdistannet.org
08/04/2003 00:32

# مافی مرۆڤ

# لە هاوکێشەی دەسەڵاتی خواوەندیو چەوساندنەوەی ژندا

کازێوە ساڵح

مرۆڤ لە سەرەتای بونییەوە، بە دوای میکانیزمێکدا دەگەڕێ بۆ سەلماندنی بوونی خۆی، سەلماندنیش فاکتەرێکی دی بە دوایی خۆیدا پەلکێش دەکات ئەویش دۆزینەوەی پرەنسیپێکە بۆ پاراستنی خۆشگوزەرانیو ژیانی مرۆیی، ئەو پرنسیپەش سەرجەم گریمانەکانی وەك ئەزمون تێپەڕاندوە، هەتا گەشتووە بە داڕشتنی سستمێك بە ناوی (ماف) ەوە لە چوارچێوەیەکی گونجاودا، دیارە هیچ خۆشگوزەرانیو ژیانێکی ژیاریش بەبێ هەبوونی ڕەگە ڕیشەییەکانی نایەتە ئاکام کە ئەویش دەچێتە چوارچێوەی ئازادییەوە. . بەڵام ئایا سەرجەم مرۆڤ بەبێ جیاوازی توانیویانە داوای مافە ڕەواکانی خۆیان بکەنو ئازادیش لە بۆتەی مافدا ببیننەوە؟

بێگومان وەڵامدانەوەی پرسیارێکی لەوجۆرە چەندین سەرەداوی وەڵام گەڵاڵە دەکات، چونکە هەر کۆمەڵو نەتەوەو مرۆڤێك لە ڕوانگەی تایبەتی خۆیەوە بۆ مافو خودی ئازادیش دەڕوانێت، جگە لەوەی لە بنەمادا ماف لە شێوەی ئازادی خواوەندیدا شێوەی گرتووە، واتە ماف وەك پەیامێك لە نێوان خوداو مرۆڤدا بە بەرجەستەبوونی ئەرك، خۆی دەنوێنێ، بەوەی خودا مافی ژیان بە مرۆڤ دەداتو قەرەبووی ئەو مافو ژیان بەخشینەش ئەرکی پەرستنو ملکەچ بوونی دەخاتە ئەستۆ، ئەو شێوە گرتنەش دەگوێزرێتەوە سەر شێوەی ئادەم لە سەرجەم مرۆڤایەتی بە باوکایەتی خۆی قەرزار دەکاتو ئەرکی ڕێبازگرتنی خۆی دەخاتە ئەستۆی مرۆڤ لەبری مافی ئەو باوکایەتی کردنە، دوای ئەوەش پێغەمبەرەکانو سەرجەم مەزهەبو ئاینەکانی تر، تا دەگاتە شێوەی ئەو خواوەندانەی مرۆڤ بۆ خۆی دروست دەکات، کە دەکرێ (دەسەڵاتدار، دەوڵەت، خۆشەویست، سەرداری ماڵو. . تاد) یدا شێوە بگرێت، بەوپێیە هەمیشە زلهێز لە هەمووان خاوەن مافترە، واتە ئەو سیمایانەی ماف تا ئێستا خۆی تێدا نواندووە، هەبوونی باڵایەكو نەوییەك، بەهێزێك و لاوازێك، نەویەکە داوای ڕەحمەتی بەخشینی ماف لە باڵاکە دەکات، دەنا کە دەگوترێ مافی مرۆڤ، واتە هەموو مرۆڤ بە یەکسانیو بەبێ جیاوازی بژین، بەڵام کە دەگوترێ مافی مرۆڤ بدرێ واتە مافەکە لە دەستی زلهێزێکدایە، لە میانەی ئەوەوە دەدرێت بە خەڵکێکی بێهێز، ئەمەش زیاتر ڕەوتی نیرۆدی لێدەکەوێتەوە، گەرچی دەتوانین بڵێین مافی نێوان دەسەڵاتدارو بێ دەسەڵات، لە بنەمادا واتە نیرۆدی (عوسابی) و کۆیلەیەك، نیرۆدیش هەردەم ڕۆحی ئەتك کردن کەمکردنەوەی تێدا باڵایە، بە واتایەکی دی بەردەوام هەوڵدەدات کەسێك لە خۆی کەمتر سەیر بکات، ئەگەر بە تاوانکردنیش بێت، گرنگ ئەوەیە مەسەلەیەك بێتە ئاراوە، بڵندێكو نەوییەك، ستەمکارێكو ستەملێکراوێکی تێدابێت، لێرەوە دەتوانین بڵێین کۆمەڵی ئێمە لە ڕوانگەی سستمی نیرۆدییەوە سستمی ژیانی داڕشتووە بۆ پەراکتیزەکردنی ئەو سستمەش یەکەم کەس ژن براوەتە نێو تاقیگەی دۆڕانەوە، ئەویش لە ڕێگەی کڵێسەو پاشان ئەو پیاوانەی نزیکبوون لە کەڵیسە بە دابەشکردنی کار لە نێوان ماڵەوەو دەرەوەی ماڵەودا، دەسەڵاتو کەسایەتی ژنیان لاواز کرد، وە تەنانەت ئەو دابەشکردنەش کە بە پێی ڕەگەز بوو، لەسەر بنەمای هێزە بەرهەمهێنەرەکان نەبووە، بەڵکو لەسەر ڕەوتی توندوتیژی بووە، چونکە سستمی جیاکاریو ملکەچ بوونی بەرهەمهێنا، واتە دیسان مرۆگەرایی گرووپێك بە واتایی نامرۆیی گرووپێکی دی، یان پێشکەوتنی جەمسەرێك بە مانای دواکەوتنی جەمسەرێکی تر، واتە هەبوونی مافی تەواو بۆ لایەك لەسەر حسابی خواردنی مافی لایەکەی تر، ئەم جۆرە چەوساندنەوەش هەتا ئێستا بەردەوامە، لەگەڵ هەموو بانگەشەکانی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ کە لە ١٩٤٨/١٢/١٠ بەستراو دەستنیشانی هەموو مافە سیاسیو مەدەنییەکانی مرۆڤی کردووە، گەر بە پێی ئەو مافانەش مامەڵە لەگەڵ ژندا بکرایە کە لە بەندەکانی ئەو کۆنگرەیەدا هاتووە، دەبوو ئێستا ژن هیچ سکاڵایەکی نەبوایە، چونکە هەر لەسەر ئەو پەیرەوەی کە ساڵانە چاوخشانی پێدا دەکرێتەوە، جاڕو کارنامەی ڤییەننا لە بەندی یەکەمو برگەی (٨) دا ئاماژەی بەوە کردووە کە "مافەکانی مرۆڤ بۆ ژنو کیژۆڵە، بەشێکن لەو مافە جیهانیانەی مرۆڤ، کە نابێ دەستیان لێبدرێت، بەشێکی جیانەکراوەن لەم مافانەو تەواوی بەشداری کردنو بە یەکسانی لە ژیانی سیاسیو

www.kurdistannet.org
08/04/2003 00:32

شارستانیی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و ڕوناکبیری لە ئاستی نیشتمانی‌و ناوچەیی‌و نێودەوڵەتی‌و ڕیشەکێش کردنی هەموو شێوەکانی جیاکاری لەسەر بنچینەی توخم، دوو ئامانجی لە پێشتری کۆمەڵی نێودەوڵەتین".

لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەم بڕگەیە لە زۆربەی ئەو وڵاتانەش کە ژمارەیان گەشتبوو بە (٤٨) دەوڵەت‌و بەرهەڵستیان پیشان نەداو پشتگیریان کردووەو لە گەڵیاندا واژوو (ئیمزا) یان کرد، ژنانیان نەگەشتوون بەو مافانەی لە جاڕنامەکەدا هاتووە، چ جای ئەو وڵاتە ئیسلامیانەی خۆپارێزیان لە فەلسەفەکە کردو هیچ پشتگیریەکیان دەرنەبڕی، بەڵکو پێچەوانەش بوو، بۆیە دەبینین لەو وڵاتە کۆنەپارێزانەدا ژن بە توندترین شێوە دەچەوسێتەوەو توندوتیژی بووە بە فاکتەرێك سەرجەم کەلتووری ئەوانی داگیرکردووە، ئەم دیاردەیەش بووە بە ڕەوتێکی گشتگیری فکری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی، بە پێی ڕادەی پێشکەوتنی ئەو کەلتوورە سیاسی‌و کۆمەڵایەتیەش لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێ، بەڵام سەرجەم کۆمەڵگاکان بە ڕێژەیەك توندوتیژی دژ بە ژنان پیادە دەکەن، ئەو دیاردەیەش مێژوویەکی لە مێژینەی هەیەو لە بەدەستهێنانی یەکەم دەسەڵاتی مرۆڤەوە، هەتا ئەمڕۆ لە لایەن تاکەوە یان دەزگاو دامەزراوەکانەوە ئەو پرۆسەیە ئەنجام دەدرێت بە مەبەستی داکۆکی کردن لە سادیەت کە بەشێکە لە دەسەڵاتی مرۆڤ‌و پارێزگاری کردن لە کەلتوورو نەریتی باو، بە دانانی سستمێك‌و نەریتێکی باڵاکراوو پیرۆزکراو.

ئەم باڵاکردنە بەرامبەر بە ژن تەنها باڵاکردنی دەزگایەك یان دامەزراوێك نییە، بەڵکو لە سەرەتای بچووکترین دەزگاوە کە خێزانە هەتا دەگات بە دامەزراوەکانی قوتابخانەو مزگەوت‌و دەوڵەت‌و هەموو سستمەکانی ژیان. ئەو ئاکارەش زیاتر لەناو کۆمەڵگا هەرەمەکیەکاندا بەرجەستە دەبێت بە ڕێژەیەکی کەمتر لەناو کۆمەڵگا مەدەنییەکاندایە، گەرچی ئەوە تەنها بۆ پیاوانی ڕۆژهەڵات نەبراوەتەوە، بەڵکو دیاردەیەکی جیهانییەو پیاوانی ڕۆژئاواش مومارەسەی دەکەن، بەڵام دەتوانین بڵێین ئێستا لە ڕۆژئاوا توندوتیژی بە هۆی ئەو جیاوازییە ئابوورییەیەکە سەرمایەداری جیهان خولقاندویێتی‌و پاش پەرەسەندنی دیاردەی بە جیهانیبوون زیاتر بووەتە فاکتەرێکی حاشاهەڵنەگر، بەڵام لە کۆمەڵی کوردیدا بە هۆی دواکەوتوی پێکهاتەی کەلتووری کوردییەوە وێڕای نایەکسانی لە مافە سیاسی‌و یاسای‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتیەکاندا ڕووبەڕووی نامرۆیترین‌و نەشیاوترین جۆری توندوتیژی دەبێتەوە، کە لە تیرۆری جەستەیی‌و دەروونی‌و سوکایەتی پێکردن دەستپێدەکات هەتا دەگات بە فشاری مەزهەبی‌و عەقیدەیی‌و ڕەمزی، جگە لەوەی داکۆکی کردن لە مافەکانیان‌و وەلانانی ئەو سستمە باوە بە کارێکی لادەرو ناشەرعی لە قەڵەم دەدرێت، چونکە بنەمای کۆمەڵ‌و خێزانیش لەسەر بنەمای "الرجال قوامون علی‌ﭬ ) بەرهەمهێنراوە کە ژن تێیدا ملکەچ‌و کۆیلەو پیاویش سەردارو پیاوسالارە. ئەمەش سەرجەم چین‌و توێژەکان‌و بوارەکانی ژیانی گرتووەتەوە، بە چەندین شێوازی جیاوازی لەوانە:

أ-چەوساندنەوەی خانەوادەیی (خێزانی) : ئەم دامەزراوە یەکەم کارخانەی چەوساندنەوەی ژنەو زۆربەی توندوتیژی‌و چەوساندنەوەکانی تریش لێرەوە سەرچاوە دەگرن‌و بنەمای خۆیان لە ناخی مرۆڤدا دەچەسپێنن، لەناو هەموو خێزانەکانیشدا جۆرێك لە چەوساندنەوە پەیڕەو دەکرێت، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵێکی یۆتۆپیەو هەمیشە ڕەمزو سنبول بۆ خۆی دروست دەکات، پیاویش تێیدا سنبولی ئەو ڕەمزە یۆتۆپیەیە ژنیش کۆپێکی کاڵی ئەو سنبولەیە. تەنانەت هیچ ئاکارێکیش (مۆراڵ) کە ئاکار تەنها موڵکی تاك خۆیەتی ژن هی خۆی نییە، هەڵبژاردنی هەموو کارو پیشەو هەڵسوکەوت‌و هاوسەرو تەنانەت پۆشینی پۆشاکیش دەبێ بە دڵی ئەو سونبولە بکات، لەناو خێزانیشدا کۆمەڵی چەوساندنەوە بەرامبەر بە ژن سەرچاوە دەگرێت، کە باری خێزانی ژن دەکرێ بەدوو بەشەوە، ماڵی باوك، ماڵی مێرد، لە ماڵی باوکدا ژن ڕووبەڕووی بە زۆر بەشودان‌و گەورەو بچووك‌و شیربایی‌و ڕێگەلێگرتنیان بۆ تەواوکردنی خوێندن‌و هەڵبژاردنی ئەو جۆرە ژیانەی دەیەوێت هەتا مافی تەنیایی پێنەدان، واتە ژن بێ ویستی خۆی بێت یا نا هەر دەبێ ژیانی هاوسەرێتی هەڵبژێرێت، ئەگەر ئامادەیی دەروونیشی بۆ ئەو مەسەلەیە نەبێت، هەروەها زۆربەی کاتەکان بە بێبەشکردنی ژن لە بەشە میراتی لە ماڵی باوکدا، ئەمە لە کاتێکدا جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤدا لە بەشی یەکسانی لە یاسای خێزانیدا سەبارەت بەو چەند دیاردەی باسمان کرد لە ماددەی ١٦ بڕگەی (١) دەڵێ "دەوڵەتە لایەنەکان، هەموو کارسازییەکی

پێویست دەكەن بۆ نەهێشتنی جیاكاریی دژی ژن لە هەموو ئەو كاروبارانەدا كە پەیوەندییان بە هاوسەرگرتنو پەیوەندییە خێزانییەكانەوە هەیە، بە تایبەت لەسەر بنچینەی یەكسانی نێوان ژنو پیاو، ئەمانە دەستەبەر دەكات:

أ–هەمان ماف لە هاوسەرنامەدا.

ب–هەمان ماف لە ئازادیی هاوسەر هەڵبژاردنداو بە قایلبوونی تەواو ئازاد نەبێ مارە نەكرێت.

هەر لە هەمان مادەدا برگەی (ز) و (ح) بەم شێوەیە مافی هەڵبژاردنی پیشەو خاوەندارێتی دەستنیشان دەكات:

ز–هەمان مافی كەسی بۆ ژنو مێرد، بە هەڵبژاردنی ناوی خێزانو پیشەو جۆری ئیشیشەوە.

ح–هەمان ماف بۆ ژنو مێرد، بۆ خاوەندارێتیو هەبوونی مڵكو ماڵو چاودێری بەرێوەبردنو سوودلێوەرگرتن رەفتار پێكردن بەبێ بەرامبەر یان بەرامبەر بە قەرەبوویەك.

لێرەدا دەردەكەوێت كە ژنی كورد لەنێو بەشێكی خێزاندا كە ماڵی باوكە بە پێی مافەكانی مرۆڤو وەكو مرۆڤێك مامەڵەی لەگەڵدا ناكرێت بەشی دووەمی خێزانیش لە ژیانی ژندا كە ماڵی مێردە غەمەكانی لەو كەمتر نینو بەڵكو بە شێوەیەكی دڵ رەقانەتریش دەكەوێتە بەر جۆرێكی دی لە چەوساندنەوە لەوانەش هەموو رەفتارێك بە چاودێریو رەزامەندی پیاو، بە ئارەزووی خۆ مندال نەبوون. هەندێ ژن هۆشیاری فكری تا ئەو رادەیەیە كە وا دەزانێت بە منالی زۆر زیاتر هاوسەرەكەی بەخۆیەوە گرێدەدات، لەبەرئەوە هەوڵ دەدات زۆرترین ژمارەی منالی ببێت، یان بە هۆی ئەو هەموو ترسو خورافانەی دەخرێتە دڵیەوە وا دەكات هەتا منالی ببێت رێگری ناكات. چونكە لەباربردنی بە تاوانێكی گەورە لە قەڵەم دەدرێت، ئەمەش وا دەكات وێنەی ئەو دووپشكەی لەگەڵ زاوزێدا ژیانی خۆی دەبەخشێ بە بەچكەكانی، ژنیش پاش شووكردن ژیانی خۆی دەبەخشێ بە زاوزێ كردن، هەڵبژاردنی ئەو پرۆسەیەش لە دەستی ژندا نییە، یان خوارفاتو بیری سەپاوی كۆمەڵە، ژنانی ناهۆشیاری پێیان وایە زۆری منال زیاتر ژنێتی ئەوان دەسەلمێنێ. یان رازی كردنو ئارەزووی پیاوە بۆ منال بوونو نەبوونی لای ژن نییەو بەڵكو تەنها وەكو كارخانەیەك ئەركەكانی بەرهەمهێنانی لە ئەستۆدایە، پیاویش لێپرسراو كارپێكارو خاوەنی ئەو كارخانەیە، چونكە پاش منالبوونیش ژن بە چەندین جۆر لەسەر منال دەچەوسێتەوە، وەكو ئەوەیە منال لە یاسادا بەناوی دایكەوە نییە، لە كاتی (تەڵاق) جیابونەوەدا منال نادرێ بە دایك و. . تاد. . ئەگەر ژن هۆشیاری یاسایی نەبێت. گەرچی هەر هەمان ماددەی پێشوو (١٦) لە برگەی (ج، د، ه) بەم شێوەیە ئاماژە بە ماف و بەرپرسێتی ژنو پیاوی لە هاوسەرایەتیو پەروەردەی منالدا كردووە.

ج–هەمان ماف و بەرپرسی لە كاتی بوونە هاوسەرو جیابونەوەشدا (واتە هەمان ئەو مافەی لە مادەی ١٦دا هاتووە) .

د–هەمان ماف و بەرپرسی وەك دایكو باوك، بێ گوێدانە باری هاوسەرییان، لەو كاروبارانەدا كە پەیوەندیان بە مندالەكانیانەوە هەیەو لە هەموو بارێكدا چاكەی مندال لە پێش هەموو شتێكی ترەوە بێت.

ه–هەمان ماف بۆ بڕیاردانی بە ئازادیو هەست بە ئەنجام كردنەوە، ژمارەی منداڵو ماوەی نێوان منداڵێك ئەوەی دوای ئەوداو دەستكەوتنی زانیاریو هۆشیاركردنەوەو ئەو هۆیانەی كە وای لێدەكەن بتوانێ كار بەو مافانە بكات.

هەروەها لە مادەی (٥) برگەی (ب) شدا، دیسان ئاماژە بە مافی خێزان دەكاو تێدا هاتووە كە "ئۆباڵی دەستەبەركردنی پەروەردەی خێزانی بۆ تێگەیشتنێكی راستی دایكایەتی وەك فەرمانێكی كۆمەڵایەتیو دانان بەوەدا كە بەخێوكردنی منداڵو پەروەردەكردنیان بەرپرسێكی هاوبەشی دایكو باوكیشەو پێویستە بەرژەوەندی منداڵ ئامانجی سەرەكی بێت لە هەموو بارێكدا.

بە خستنەرووی ئەو برگانە بۆمان دەركەوت كە ژنی كوردو دایكی كورد چەند بێبەشو چەند ناهۆشیاریشە بەرامبەر بە مافەكانی خۆی لە رووی دایكایەتیو هاوسەرگرتنەوە بەڵام خۆ چەوساندنەوەی خێزانی هەر لەو دوو پرنسیپەدا خۆی نەگرتووە بەڵكو چەندین چەوساندنەوەی تریشی رووبەروو دەبێتەوە، وەكو جەخت كردنو هاندانی ژن بۆ كاری لەش فرۆشیو خراپەكاری یان جاسوسیو سواڵكردنو بەختگرتنەوەو دەلالی نێوان كچانو كورانو چەندین ئاكاری تری لەم جۆرە، ئەم دیاردانەش ئە گەر فایلی ناو دادگا هەڵبدەینەوە دەبینین بە رێژەیەك لە كۆمەڵی ئێمەدا بوونی هەیە، گەرچی لە

ماددەی (٦) جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤدا هاتووە" دەوڵەتە لایەنەکان هەموو کارسازییەکی گونجاو دەکەن بە یاساییەکانیشەوە بۆ بنبڕکردنی هەموو شێوەکانی بازرگانی کردن بە ژنەوەو بە بەکارهێنانی لەش فرۆشی ژن.

ب–چەوساندنەوەی نهێنی: ئەم جۆرە چەوساندنەوەیە کاریگەرییەکی تەواوی لەسەر سەرجەم پرەنسیپە بایۆلۆژیو سایکۆلۆژی و سسیۆلۆژیەکان هەیە، دەتوانین بلێین ئەم توندوتیژییە لە یەکەم شەوی هاوسەرایەتیەوە دەستپێدەکات، کە دەکرێ هەردوولا خاوەنی ڕۆشنبیری، خاوەنی ڕۆشنبیری سێکسی نەبن، یان لەبەرئەوەی ژن هەمیشە وەکو جەستەیەك یان پرۆژەیەکی سێکسی بۆ ئەنجامگەیاندنی ئارەزووی پیاو سەیردەکرێتو پیاویش وەکو بکەرێکی کاراو خاوەن موڵك مامەڵە دەکات لە لایەك، هەروەها چەپاندنو باسکردن و ڕاڤەکردنی ئەو مەسەلانە لە لایەن ژنەوە بە عەیبو بڤە زانینی لە لایەکی دیکە، دیسان پیاوی شانازی کار بە کردەی سێکسیو ژن هەمیشە هەرەشە لێکراو بۆ دەستدرێژی سێکسی، پیاوی چاونەترس لە خەوشە سسیۆلۆژیەکانو ژنی جەستە هەلاهەلای دەم ساتۆرە کۆمەڵایەتیەکان وا دەکات پەیوەندی سێکسی نێوان ژنو مێرد شێوەی چەوسێنەرو چەوساوە لەخۆبگرێتو ژن لەو بارەیەوە ڕەتکردنەوەو قبوڵکردن دەرنەبڕێت. یان هەندێ جار قبوڵکردنیش بە ڕەتکردنەوە گوزارشت لێبکات، ئەوەیش هۆکارێکی سەرەکیە بۆ چەوساندنەوەیەکی نهێنی دەروونی. چونکە ژن ئەگەر لە هەموو ژیانی هاوسەرایەتیدا جۆری مامەڵەکردنی سێکسی نێوان خۆی مێردەکەی بەدڵ نەبێت هیچ دەرنابڕێ، بەڵام پیاو ئەوەشی لەگەڵ هاوسەری خۆیدا بە دەستی نەهێنێت بە ڕێگەی نهێنیو نامەشروع بە دەستی دەهێنێت، وە هەمیشە سێکس لە لایەن پیاوەوە دەسەپێت بەسەر ژندا بەو جۆرەی کە خۆی دەیەوێت. هەروەکو شیرهاتیش لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (ژنانو خۆشەویستی) ئاماژەی پێکردووە کە "جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان ئازادی سێکسیو ئازادبوونی ژناندا، هەر پیاوانیشە فرە پەیوەندی سێکسی دەسەپێنن بەسەر ژناندا". یان ئەگەر ئەو ژنانە لە ڕووی خۆشەویستیەوە دڵی لەلای ئەو پیاوە نەمێنێت، یاخود ئەگەر کەسێکی دی خۆش ویستبێت لەگەڵ ژیانی هاوسەریشدا، ئەمانە نەك هە ردەری نابڕێت، بەڵکو هەمیشە لە ترسی ئەوەشدایە کە وەکو عەقڵێکی ئەفسوناوی دڵی نەخوێنێتەوەو نهێنی شاراوەکەی ئاشکرا نەبێت، بۆیە وێنەی کۆمبارسێکی سەرشانۆیێکی بێ ڕووناکی، ڕۆڵی ژنێکی میهرەبانو گوێڕایەڵو دڵسۆز دەبینی (کە ئەو سیانە وێنەی ژنی نمونەی کوردن) خۆی ڕووبەڕووی خەڵەتاندنی ژیانو چەوساندنەوەیەکی نهێنی دەکات، بەو شێوەیە دەروونو هەستی خۆی ژێرپێ دەخات، بەرامبەر ئەو چەوساندنانەوەش بە هۆی هەمان مەبەستەوە لە لایەن پیاوەکەیەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ئەوا وێنەی باڵندەیەکی تەڕبوو و چەوساوەی دەم کرێوە، لە ترسی ڕەقبوونەوە دێنە ژێر گوێسەبانەی پیاوێکەوە، ئیتر دەکرێ ژێر ئەو پاسارە ڕاوچیەکی فێڵبازی تێدابێتو ڕاوو دەستەمۆی بکات، لە ماڵەوەش لەنێو قەفەزێکی زێڕدا دایبنێ، پیرە باڵندەش بلندگۆیانە خۆی بخەڵەتێنێو بەو شادییە بخوێنێ کە قەفەزەکەی لە زێڕە نەك ئاسن، بێباك لەوەی کە هیچ ئازادیو بەختەوەرییەك بە بێ ڕەگو ڕیشە بنەڕەتیەکانی سەرهەڵنادات. تەواویش دووردەکەوێتەوە، لەو بۆچونەی سپینۆزا کە دەڵێ "ئازادی باوەڕو بیرورا دەربڕین سەرەتای سەرجەم ئازادیەکانە".

ج–چەوساندنەوەی ڕەمزی: دەکرێ بڵێین ئەم چەوساندنەوەیە لە دابونەریتەوە سەرچاوە دەگرێتو وەکو خوویەك لە لای مرۆڤ جێگیر دەبێت، بە شێوەیەك ئەگەر چەوسێنەرێکی دیاریشی نەبێت، دابونەریتی کۆمەڵایەتی وا دەکات چەوساوە خۆی دەبێ بە چەوسێنەرو خۆی خودی خۆی دەچەوسێنێتەوە، یەکێك لەو جۆرە چەوساندنەوە ڕەمزیانەی زۆر لەناو ژناندا باوە، دابونەریتی پرسەو ڕەشپۆشینە، ژن ئەو کەسانەی لێوەی نزیکبن هەتا لە ژیاندا بن، نابن بە هیچی و کەسیشی بە ناوی ئەوەوە نییە، تەنانەت ئەگەر منالی خۆشی بن، بەڵام لە مردندا ژن یەکەم خاوەنیانە بۆ هەڵگرتنی باری غەمەکانیان، وەکو ئەوەی مردووەکە تەنها لە ژن ڕۆشتبێت چەندین ڕۆژ خۆی دەکوتێ خۆی سزادەدات (بە تایبەت لە ناو ژنانی گوندنشیندا زیاتر باوە) ، دوایش چەند ساڵێك پۆشاکی ڕەش دەپۆشێ، کە ئەگەر مافی ژنو پیاو وەك یەك بوایە دەبوو، ئەگەر پرسەو ڕەشپۆشین بگرێت هەر هەتا چل ڕۆژ بوایە، بە تایبەت کە لە ماددەی (٥) برگەی (١) دا هاتووە "گۆڕینی ڕەوتە کۆمەلایەتیو ڕۆشنبیریەکانی ڕەفتاری پیاووژن، بە ئامانجی بنبڕکردنی لایەنگریو خووە نەریتیەکانو ڕەفتارکردنەکانی تر کە لەسەر ئەو باوەڕە دامەزراون کە یەکێك لەو دوو ڕەگەزە نزمتر یان بەرزتر لەوی تر، یان لەسەر

www.kurdistannet.org

ڕەوتە کرداری پیاووژن". بەڵام هێشتا ڕەوتە کۆمەڵایەتیەکان کاریگەریەکی گەورەی لەسەر تاك داناوە لە چە ندین ڕووی تریشەوە، وەکو ئەو سۆزو بەزەییانەی هەندێ لە پیاوان کە بە ناوی داکۆکی کردن لە ژن دەریدەبڕن (ئەگەر حسابی مرۆڤی بۆ بکرێت، مرۆڤ شایانی ڕێزە نەك بەزەیی) ، یان ئەو پیاهەڵدانانەی بەسەر ئەندامەکانی لەشی ژندا، وەکو فاکتەرێکی چێژوەرگرتن هەڵدەدرێت، قەدەغەکردنی زۆر شوێن‌و کوچەو بازاڕ لە ژن بە بیانووی ئەوەی تایبەتن بە پیاوان، هەندێ لەو مەسەلە کوردیانەی لەسەر ژن گوتراون، ئەو کارانەی کردنی بۆ پیاو ڕەوایە بۆ ژن بە ڕەوا نابینرێت، گومان کردن لەو کارانەی ژن دەیکات کە لە ئاستی کاری پیاو یان زیاتردایەو. تاد. هەموو ئەوانە پرەنسیپی سەرەکی چەوساندنەوەی ڕەمزی ژنن.

د–چەوساندنەوەی سروشتی: سروشتی بایۆلۆژی ژن بە هۆی ناسکی ماسولکەکانی لەشیەوەو زاوزێ کردن‌و سووڕی مانگانەو گۆڕانی ڕژێنە هۆرمۆنییەکان لە کاتی سکپڕی‌و سووڕی مانگانەو دڵەڕاوکێ‌و. تاد. هەریەك لەمانە کاریگەری سەخت‌و تایبەتی خۆی هەیە لەسەر باری سایکۆلۆژی‌و سسیۆلۆژی ژن، کە لێکدانەوەو قسەکردن لەسەر هەر لایەنێکیان چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی چڕوپڕی دەوێت، بۆیە لێرەدا دەتوانین بڵێین کاریگەرترین چەوساندنەوەی ژن، چەوساندنەوەی سروشتییە.

هـ–چەوساندنەوەی یاسایی: سەرەکیترین و ستەمترین خاڵی چەوساندنەوەی ژن نایەکسانی یاساکانە، بۆیە یەکێك لە مەرجەکانی ڕزگاربوون‌و بەدەستهێنانی یەکسانی بۆ ژن گۆڕینی ئەو بەندە یاساییانەیە کە لە بەرژەوەندی ژن نین، ڕاستە بەو دوایە چەند برگەیەکی یاسایی گۆڕان، ئەوەش ئەو یەکەم هەنگاوەیە کە ئومێدی هەنگاوی گەورەتری داهاتوو دەبەخشێت، بەڵام نابێ ئەوەش لەیاد بکرێت کە گۆڕینی یاساکان، شتێکەو پرۆگرامی ڕاگەیاندنەکانیش بۆ گەیاندنی ئەو مەبەستەی کە پێویستە لای هەموو تاکێك جێگیر بێت شتێکی دیکەیە.

لەوانەش گرنگتر لە مەسەلەی یاسادا پێویستە کێشەی ژن لە ئایین‌و ئەو نایەکسانیانەی بە ناوی ئاینەوە خراوەتە نێو دەقە یاساییەکان جیابکرێتەوە، ئەوانەش زیاتر لە یاساکانی کاروباری کەسیدا ڕەنگ دەداتەوە، وەکو چوار ژن بۆ یەك پیاو، شاهێدی دوو ژن بەرامبەر بە یەك پیاو، مافی میرات‌و تەڵاق‌و هاوسەرێتی‌و. تاد (کە ئێستا هەندێکیان گۆڕاون) هەموو ئەوانە چەوسانەوەی بەرچاوو دیارن کە بەرامبەر بە ژن دەکرێت، بۆ نموونە: لە ماددەی (٢١) دا بەندی (ولایە) لە هاوسەریەیتیدا دەڵێ (الوالی فی الزواج هو العصبە بنفسە علی ترتیب ÇáæÑËÉ ÇáÐßæÑ ãäåã ÇáÃÞÑÈ) لەم حاڵەتەدا کوڕ دەتوانێ ببێ بە خاوەنی دایکی‌و بیدات بە شوو، لە کاتێکدا ئەو ئەمی هێناوەتە دنیاوە.

هەروەها لە بەندی ٢٤ دەڵێ (ÇáÍÇßã æáí ãä áÇ æáí áå) لەم برگەیەشدا گەرچی لە کوردستاندا ئەو مافە بە ژن نەدراوە ببێ بە (حاکم–ÇáÍÇßã) ئەوەش ستەمێکی گەورەیە کە بەرامبەر بە ژنی کورد کراوە، لە لایەکی دیشەوە دەستورێکی دووفاقی و نەشیاوە چونکە لە زۆربەی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتیش ژن (حاکم–ÇáÍÇßã) یە، خۆی دەبێ بە (ولی الامر) ی خەڵکانی تر، بەڵام هێشتا یاسا داوای خاوەن بۆ ژن دەکات، ئەگەر پیاوێکی نزیك نەبوو لە مەسەلە یاسایەکاندا ببێ بە خاوەنی ئەوا حاکم دەبێ بە خاوەنی، ئەمەش بە ئاشکرا نایەکسانی‌و کەم سەیرکردن‌و چەوساندنەوەی ژن زیاتر نییە. ئەو بارەش لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێهەمدا پەراکتیزە دەکرێت‌و یاساش بەو شێوە خراپتر لەگەڵ ژندا مامەڵە دەکات، گەرچی لە ماددەی (١٥) برگەی (١) ی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە "دەوڵەتە لایەنەکان، دان بەوەدا دەنێن کە پیاووژن لە بەردەم یاسادا یەکسانن".

هەروەها لە برگەی (٣) دا هاتووە کە "دەوڵەتە لایەنەکان لەسەر ئەوە ڕێکەوتوون، کە هەموو ئەو ڕێکەوتننامەو بەڵگەنامە تایبەتیانەی کاریگەریەکی یاسایی دەبێت سنوورێك بۆ شایستەیی یاسایی ژن دیاریدەکات، پوت‌و کارپێنەکراوە.

ز–چەوساندنەوەی مۆدرێن: بەو ساڵانەی دوایی کە زۆر باسی مافی مرۆڤو یەکسانی پیاو ژن دەکرێت، ژن توانیویەتی هەندێ لە ئازادی بە دەستبهێنێت، بەڵام ئەویش ڕەنگدانەوەیەکی نێگەتیڤی تری هەبوو بۆ سەر ژیانی، ئەو لایەنە خراپەشی بە هۆی بەدەستهێنانی ئازادی بێ بەبێ هۆشیاری، یان بە هۆی باری ئابووری، یان ئاڵۆزی باری دەروونی بێت، گرنگ ئەوەیە، ئەوبرە ئازادییە، مۆدێرنیتە هێنایە نێو ژیانی ژنەوە، چەوساندنەوەیەکی مۆدێرنیشی لەگەڵ هێنایە

ئاراوه، وەکو ئەوەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا هەندێ کارئاسانی لە ژیانی ژنیشدا کرد، بەڵام بارە سلبیەکەیو لێکەوتەیو مەینەتیەکانی تەنها بۆ ژنە، بۆ نموونە ئەو هۆکارو دەرمانانەی بۆ بەرگری کردن لە مناڵبوون هێنایە ئاراوە، تەنها ژن بەکاری دەهێنێت، تەکنەلۆژیای دەستکردی پیاو هەتا ئێستا هیچ لێپرسراوێك لەو ڕووەوە نەخستوەتە ئەستۆی پیاو، وەکو ئەوەی بەرامبەر ئەو حاڵەتە تەنها ژن بەرپرسیار بێت.

هەروەها پاش دیاردەی جیهانگیریو پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا کە لە بری کرێکار سەرجەم کارەکان بە کۆمپیوتەرو ئامێر دەکرێت، ئێستا سەرجەم ئەو کۆمپانیانەی کارەکانیان دەستیٖنو کارکردنیش تێیدا ئارامگرتنی زیاترو قسە قبوڵ کردن وردی دەوێت، کرێکارەکانیان هەموو ژننو بە مووچەیەکی کەمتریش، جگە لەو هەموو بەکارهێنانەی ژن بۆ کاری بازرگانی سێکسی، ڕیکلام، جەماوەر پەیداکردنی کارە سیاسیەکانو . تاد. هەموو ئەمانە جۆرێکن لە چەوساندنەوە، بەڵام چەوساندنەوەیەکی مۆدێرن، چونکە هەندێکی ژن بە ئازادی خۆی هەڵیدەبژێرێت هەندێکیشی پرۆژەی مۆدێرنیتەن.

بەو خاڵبەندیانەدا دەردەکەوێت کە جگە لە چەوساندنەوەی ئاینی، شەش جۆر چەوساندنەوەی بنەڕەتی لە ژیانی هەموو ژنێکدا هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی ڕێژەیی، کە دەکرێ لە خێزانێکەوە بۆ خێزانێکی تر بگۆڕێت بۆ ڕێژەیەکی کەمتر یان زۆرتر، بەڵام سەرجەم خێزانەکان ڕێژەیەك چەوساندنەوە هەر تیایە، وە لێکۆڵینەوەیەکیش دەریخستووە کە لە جیهاندا ٣٠٪ ڕۆژانە دەچەوسێنرێنەوەو ٢٤٪ هەفتانەو ٢٢٪ لەو ماوەیە زیاتر، کە من بێگومانم ٨٠٪ی ژنی کورد ڕۆژانە دەچەوسێتەوە.

چەوساندنەوەی ئاینیش کە دەکەوێتە خاڵی حەوتەمی چەوساندنەوەکان. چونکە بەپێی ئاینەکان، چەوساندنەوەکانیش دەگۆڕێ بۆ توندوتیژتر یان میانڕەوتر، جگە لەوەی ئێمە باس لە مافی مرۆڤ دەکەین. ئیسلامگەرەکان باوەڕیان بە جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای فەرهەنگی باوەڕیان بەو مافی مرۆڤە هەیە کە خۆیان دیاریدەکەن، کە هەر فەرهەنگو کەلتوورێك تێگەیشتنی خۆی بۆ ئەو مافانە دەبێت، لە پێناوی ئەو مەبەستەشدا چەند وڵاتێکی ئیسلامی لە ساڵی هەشتاکاندا لە ئینگلتەرای نائیسلامدا. داوایان کرد مافی مرۆڤی ئیسلامگەری جێگیر بکەن، ئەو ڕەوتەش نەك تەنها باوەڕ نەبوونە بە مافی ژن، بەڵکو باوەڕنەبوونە بە مافی سەرجەم مرۆڤ، ئەگەر ئەو مرۆڤە پاشکۆیەتیو ملکەچبوونی ئایدیایەکی سەپاو پەسەند نەکات، ئەمەش جارێکی دی بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژیە لەسەر بنەمایەکی نوێ، ئەو بنەمایەی بەندە بە سستمێکی ئایدۆلۆژییەوە، کە لە ڕوانگەی ئەو سستمە سەراپاگیرییەوە دیسپلینانە کۆنترۆڵی بەردەوام بوونو بەرزو نزمی ئەو دیاردەیە دەکات.

بەم پێیەش لە هەندێ وڵات متمانە بە مافی مرۆڤ ناکرێت، لە هەندێکیش مافی مرۆڤ پێشێل دەکرێ، لە هەندێ وڵاتیشدا تا ڕادەیەك پارێزراوە، کەواتە وەکو فاتمە المرنیسی دەڵێ "توندوتیژی چەند لایەنێکی چەمکیانەی گەورە دەوروژێنێ، کە هەوڵدان بۆ دیاریکردنێکی وردو فرەلایەنی ئەو چەمکە، کە توندوتیژییە، مەسەلەیەکی گرانە، چونکە دیاردەکە چەندین شێوازەو ناکرێ لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا گوزارشتی لێبکرێت، ئەوەتا توندوتیژی تاکەکەس هەیە، توندوتیژی بە کۆمەڵیش هەیە، کە تیایدا پێشێلی مافی کەسانی تر دەکرێت، لە ژیانیان، لە ئارامیو پارێزراوی جەستەیو دەروونیان تێك ئەدرێ" هەر ئەمانەش وا دەکات هێزی دژ لە تاکدا دروست ببێت، ئەگەر لایەك هەوڵی دروستکردنی دیواری یەکسانی بداتو بەردێکی لەسەر دابنێت لایەکەی دی هەوڵی ڕوخانی بدات، ئەگەر بە شێوەیەکی دەروونیش بێت، هەردوولا بە دیوارێکی وەهمی دەزانن چونکە متمانەیان بەرامبەر بەیەك لەسەر بنەمای حاکمو مەحکوم دامەزراوە، واتە ئەو فەلسەفەیەی (برۆدۆن) ی بەسەر پراکتیزە دەبێت کە ئەڵێ "حوکم کردنی کەسێك بۆ کەسێکی تر چەوساندنەوەیە، بۆ هەر کەسێك بیەوێت دەست بەسەر مندا بگرێت حوکمم بکات، ئەو کەسە دکتاتۆرەو دوژمنی منە".

واتە چەوساوە وەکو دکتاتۆرو دوژمن سەیری چەوسێنەرەکەی دەکات، کەوا هەست بکات ئەو دکتاتۆرە لە ماڵەکەیدا دەژیو لە ترساندا ئیرادەی تەسلیم دەکات، هەر لەم ڕوانگەیەشەوەیە کە هەوڵەکانی خۆکوشتن، نەخۆشییە دەروونییەکانو خەمۆکیو ڕاهاتن لەسەر مادە بێهۆشکەرەکانو شێتبوون بە شێوەیەکی بەرفروان لەناو ژناندا بڵاوەو، جگە لەوەی لێکۆڵینەوەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە ڕادەی شێتبوونی لەناو ژناندا ڕێژەی ٤٠٪ زیاترە وەك لەلای

**کچان، وە ئەم بارودۆخە لای پیاوان بە پێچەوانەوەیە، واتە پیاوان پاش هاوسەرێتی باری دەروونیان زیاتر جێگیرە، بەڵام ژنان بە پێچەوانەوە.**

**لێرە وە دەتوانین بڵێین گەشتنی ژنان بە سەرجەم مافەکانیان‌و ئازادیە بنەڕەتیەکان‌و پەراکتیزە کردنی مافی مرۆڤ و گرتنەبەری ڕێگەی گونجاو لەمەڕ کۆتایهێنانی هەموو نایەکسانی‌و نەهێشتنی پێشێلکاری ئەو ماف‌و ئازادیانە، بە هەبوونی پرۆگرامێکی یاریدەدەر دەبێت لە ڕووی دەروونییەوە، وە بۆ گۆڕانی کۆمەڵیش پێویستە سەرەتا لە عەقڵی مناڵەوە دەست پێبکەین، بۆیە پێویستە بەندەکانی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ‌و مافی ژن بە تایبەتی لەبەرئەوەی بەشێکی بێبەش و مینەتی کۆمەڵە لەناو میتۆدەکانی خوێندندا جێگیر بکرێت، هەر لە قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتاییەوە هەتا دوا قۆناغەکانی خوێندن. هەروەها پێویستە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە تەواوی بچنە خزمەتی ئەو مەسەلەیەوەو هەروەکو هەڵمەتی کۆتانی منداڵ لە نێوان هەموو برگەیەکی تەلەفزیۆندا. تایتڵێك لەسەر مافی ژن پیشانبداو بخوێنرێتەوەو لە ڕێگەی گەڕانی کۆڵان بە کۆڵانی شارو قەزاو ناحیەکان بانگەشەی بۆ بکرێت‌و ژنان بانگهێشت بکرێن بۆ هۆشیارکردنەوەیان بەرامبەر بە مافەکانی مرۆڤ‌و مافەکانی خۆیان، چونکە مافی ژن دابڕاو نییە لە مافی کۆمەڵگاو بە هۆشیارکردنەوەو ڕاپەڕینی سەرجەم کۆمەڵیش نەبێت ئەو مافانە نایەتە ئاکام، بە تایبەت کە لە سەدەی بیستەمەوە، بەهۆی پەیوەندی کردن‌و جیهانگیریەوە، تەوژمێکی گشتگیری جیهانی گرتووە، وەکو نیچەش دەڵێ: هێزێك ناتوانێت بەردەوام بێت، ئەگەر لەو هێزانەوە خاسیەت وەرنەگرێ کە ئەم و ژیانە.**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣